# ڕێبەری خێرا بۆ ڤاکسینی ڤایرۆسی کۆڕۆنا

زانیاری کورت لە پەیمانگای نەرویجی بۆ تەندروستی گشتی سەبارەت بە ڤاکسینی دژی COVID-19 (ڤایرۆسی کۆڕۆنا).

---

## دەربارەی پێدانی ڤاکسینی ڤایرۆسی کۆرۆنا

ڤاکسینەکە دەدرێت بە هەموو ئەوانەی پێشنیاریان بۆ کراوە وەری بگرن.

بەخۆڕاییە.

ڤاکسینەکە دەتپارێزێت لە ڤایرۆسی کۆرۆنای ٢٠١٩.



---

## چۆن دەکوترێیت؟

ڤاکسینەکە بە شێوەی دەرزی لە قۆڵ دەدرێت.

ڤاکسینەکە بە دوو ژەم دەدرێت کە چەند هەفتەیەکی کەمی لە نێوانە.

لەبیرت بێت ئاگادارمان بکەیتەوە ئەگەر دووگیانیت، هەستیاریت هەیە، دەرمان بەکاردێنیت یان پێشتر ڤایرۆسی کۆرۆنات گرتووە.



---

## ڤاکسینەکە چۆن بە باشی کار دەکات؟

زۆرینەی خەڵکی 1-2 هەفتە لە دوای ژەمی دووەم پارێزراو دەبن.

ئەوانەی دەکوترێن پێویستە پەیرەوی ئامۆژگاریەکان بکەن بۆ وەستاندنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە.



## ڤاکسینەکە چۆن کار دەکات؟



ڤاکسینەکە جەستە فێر دەکات بۆ ئەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بناسێتەوە و خۆی لە دژی بپارێزێت.

ڤاکسینەکە بەخێرایی بە لە جەستە دەردەچێت.

بەڵام، جەستە بیری دەمێنێت چۆن پارێزگاری لە خۆی بکات لە دژی ڤایرۆسەکە.

## کاریگەریە لاوەکیەکان



ڤاکسینەکە لە توێژینەوەی گەورە تاقیکراوەتەوە لە سەر هەزاران خەڵک. کاریگەریە لاوەکیە باوەکان ئەمانەن:

- ژان لە شوێنی کوتانەکە
- ماندوو بوون
- ژانەسەر
- ئازاری جەستە
- تا یان لەرز

ئەم کاریگەریە لاوەکیانە نائاسوودەن، بەڵام لە دوای چەند ڕۆژێکی نامێنن.

## کاریگەریە لاوەکیە ناباوەکان



پەیوەندی بە پزیشک یان پسپۆڕێکی دیکەی تەندروستی بکە ئەگەر نیشانەی پێشبینی نەکراو، توند یان درێژخایەنت لە دوای ڤاکسینەکە دەبێت.

ئەگەر زانیاری زیاترت دەوێت دەربارەی ڤاکسینی ڤایرۆسی کۆڕۆنا، سەیری وێبسایتی پەیمانگای نەرویجی بۆ تەندروستی گشتی بکە:
https://www.fhi.no/kvp

FHI